# با تابۆی سێکس بشکێنین



**بەشی یەکەم**

**و/ ڕێوان**

**گەشەکردنی سێکسو ڕەوان . سایکۆلۆژی**

بۆچوونەکانی فرۆید لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە ئەو هەڵسوکەوتانەی مرۆڤ کاتێك کە دەورانی لاویەتی تێ دەپەڕێنێتو باڵغ دەبێت لەخۆی نیشانی دەدات، لەژێر کاریگەری ئەو مەیلو هۆکارانەدایە کە لەدەورانی منداڵیدا لەدەروندا چەکەرەی بەستووەو شکڵی گرتووە، فرۆید لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زۆربەی ئەم هۆکارانە لەپێوند لەگەڵ سێکسو فانتازیا (خەیاڵ) سێکسەکاندایە، کە کۆمەڵگا قەدەغەی کردووەو بەکەڵك وەرگرتن لەمیکانیزمی بەرەنگاربوونەوە (داکۆکی) حەشار دراون. بەپێی ئەم بۆچوونە هۆکارە سێکسەکان لەدەروندا هەڵدەخرێن، هەر لەحەوتووەکانی سەرەتای ژیانەوە بونیان هەیەو بەشێکی سروشتی لەگەشەکردنی ئینسان پێکدێنن. ئەم تیۆریەی فرۆید، باسی زۆر هەڵخراندوە، هەڵبەت فرۆید لەسەر ئەو باوەڕە نیە کە مەیلی سێکسی تەنیا مەیلو غەریزەی ئینسانەو لەسەر ئەو باوەڕەیشە کە لەهەڵسوکەوتی ئینسانیدا، ئەم غەریزە ڕۆڵێکی سەرەکی دەنوێنێت، بەپێی بۆچوونەکانی فرۆید، پەرێشانیو خەمۆکیەکانی گەورە سالی بەرهەمی وەڵامی نەگونجاو سەرکوتکراوی کێشەکانی سەردەمی منداڵین، کە لەیەك لەقۆناغەکانی گەشەکردنی ڕەوانو سێکسدا ئەزموون دەکرێن. لەهەر کام لەقۆناغەکانی ئەم گەشەکردنەدا شێوەیەکی دیاری کراو بۆ کامیابی (کەیف . کامڕەوایی) هەیەو ڕادەو جۆری کامیابی منداڵ بەستراوەتەوە بەجۆری هەڵسوکەوتی دایكو باوکەوە، هەم کامیابی لەڕادەبەردەرو ناکامی لەڕادەبەدەر، دەتوانێت کاریگەری درێژخایەن یان بەواتایەکی دیکە هەتا هەتایی لەسەر کەسایەتی دابنێت.

حاڵەتی هاوسەنگ کاتێکە کە کەسایەتی بەڕادەی پێویست کامیاب بوو بێتو لەقۆناغێکەوە تێپەڕی بێ بۆ قۆناغێکی دیکە.

**قۆناغەکانی گەشەکردنی سێکس . ڕەوان**

فرۆید گەشەکردنی سێکسیو ڕەوانی دابەش دەکات بەسەر ٥ قۆناغدا:

١- دەم . (زار) ٢- کۆمی
٣- نێرینەی (شەرمگە)
٤- ئارامی ٥- ئالەتی سێکسی

لەهەر کام لەم قۆناغانەدا شوێنگەلێکی جیاواز لەجەستەی منداڵ، شوێنی وەرگرتنی لەزەتو کامیابی سێکسە، هەروا کە باسکرا، لەهەر قۆناغێکدا ناکۆکیگەلێك لەنێوان حەزە سێکسیەکانو یاسا کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە، وەڵامی گونجاو بەئەم ناکۆکیانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ قۆناغێك تێپەڕ بکاتو بچێتە قۆناغێکی دیکەوە. وەڵامی نەگونجاو دەبێتە هۆی سەقامگیربوونی منداڵ لەقۆناغێکدا کە تێدایە.

قۆناغی دەم (زار) لەسەرەتای لەدایکبوونەوە تا یەك ساڵو نیوی

لەم قۆناغەدا شوێنی لەزەت بردنو کامیاب بوون "دەمە".

**قۆناغی "دەم" دابەش دەکرێت بەدوو قۆناغەوە:**

١- قۆناغی وەرگرتن، کە لەم قۆناغەدا تورە دەبێتو دوو جۆرە لەهەست لەخۆی نیشان دەدات، بەپێی گوتەی فرۆید، گاز گرتن لەپەنجەکانو مەك، نیشاندەری ئەو دوو هەستەی عەشقو ڕقو توڕەییە، یەك لەنیشانەکانی دەرکەوتنی ئەو دوو هەستە لەقۆناغی "دەم"دا تێك هەڵکێش کردنی ڕقو توڕەییو نازو نەوازشە لەم بەشە گرنگەی جەستەی منداڵدا.

"دەم"خاوەنی دوو جۆرە کارکردنی دژ بەیەکە، یان بەواتایەکی دیکە بۆ دوو شێوەی دژ بەیەك کەڵکی لێ وەردەگیرێت: ماچ کردنو نازو نەوازەش لەلایەکەوەو گاز گرتن بەدەدان لەلایەکی دیکەوە، هەڵقوڕاندنیش دەتوانێت هێمایەك بێت لەتوڕەییو ڕق، تف کردن باس لەڕقو قین دەکاتو هەروەها قیزو قەیکردنەوە نیشانەی ڕقو قینو حاشاکردنە، وردبوونەوە لەپێوەندی منداڵ لەگەڵ دایکی لەلایەكو پێوەندی ئەو لەگەڵ خواردەمەنی دا لەلایەکی دیکەوە سەلمێنەری ئەم خاڵەیە، ئەو کشمەکشمەو بگرەو بەردەیە بەباشی لەهەڵسوکەوتی ئەواندا لەسەر سفرەی نان خواردندا خۆی دەردەخات.

نمونەی ناتەواوی ئەم بابەتە دەتوانین لە ئەو منداڵ و تازە لاوانەدا کە تووشی نەخۆشینی ئەنورسی (جۆرێك لە نەخۆشی ڕەوانی) کە حاشا دەکەن لەنان خواردن ببینین.

منداڵ، سەرەڕای ئەوە کە مەترسی تێداچوونی هەیە دیسان خۆی لەخواردن ئەبوێرێتو ئامادە نیە هیچ بخوات، ئەگەر سەقامگیربوون (وەڵامدانەوەی نەگونجاو) لەم قۆناغەدا روویدات، ئەمانەی خوارەوە دەتوانن نیشانەکانی بن:

* جگەرەکێشان ــ عادەت بەبنێشت جوێن، قەڵەم لەزارخستنو هی تر.

* جوێنی نینۆك، زۆر خۆری، مەشروب خواردن، زمان تاڵیو بەتەشر قسەکردن.

ئەو منداڵانەی کە لەم قۆناغەدا سەقامگیردەبن، کە گەورە بوون دەتوانن ببن بەکەسایەتیگەلی "دەم"ی زۆربەی ئەم کەسانە کەسایەتیگەلێکی بەتەواویەتی سەربەخۆن، ئەو کەسانەی کە لەقۆناغی "دەم"دا سەقامگیر دەبن، لەژێر کاریگەری دڵەڕاوکێدا (ئیسترێس) دەتوانن ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت. (بەتایبەتی خۆبەستنەوە بەخەڵکی دیکەوە یان بەتەواویەتی سەربەخۆ) کە ئەمەش هێمایەکە لەتێزە دژوارەکانی فرۆید.

ئەزموونەکانی وای دەرخستووە کە میلی ژنان بەساقامگیربوون لەقۆناغی "دەم" دا بەبەراورد کردن لەگەڵ پیاو تاڕادەیەکی بەرچاو زۆرترە، بۆ نمونە ژمارەی ئەو کچانەی کە تووشی ئەنورسی دەبن سێ ئەوەندەی ژمارەی ئەو کوڕانەن. قەی کردنەوەو هێڵنج دانیش لەژناندا زیاتر بەچاو دەکەوێت.

# من بونەوەرێکی ساختە نیم !

**سەحەر تەحویلی**

ژن لە کۆمەڵگا دواکەوتوو کۆنەپارێزەکاندا گیان لەبەرێکی تەزویر کراوە، گیان لەبەرێکە لە پاش ماوەی ئەوپەسایە دروست کراوە کە پیاویان پێ دروست کردوە ، گیان لەبەرێکە کەبووەتەهوی وەدەرنانی بەشەر لە بەهەشت ، دەرگای چوونە ناو دۆزەخە، هەڵخرێنەر بوە بوخواردنی یەکەمین میوەیەك کە خواردنی قەدەغە کرا بوو، هەروەها یەکەمین پێشێڵ کەری یاساورێساکان بووە. ناکرێت وەها گیان لەبەرێك نێوی ئینسانی لەسەر دابنییەی ، تەنیا دەتوانی بڵیی کە گیان لەبەرێکە و بوونی هەیەو دەتوانێت گەورە ببێبێت و بالغ بێبێت و دووگیان بێبێت و بێتەبەر و بمرێت.

بەڵام ، ئەگەر بەراستی وایە ، کە ژن لە پاشماوەی بەخشش و سینگ فراوانی خولقێنەرەوە خولقێنراوە، چۆن دەتوانێت بیربکاتەوە؟ ئەندیشە بکات و پوختەی بکات و لە ئاخریشدا خولقێنەر بێت؟

زۆرجار بیردەکە مەوە سیمایەك کە لە ژن لەوەها کومەڵگاگەلێکدا دەدرێت بەرهەمی دەست پێ ڕاگەیشتنی پیاومەزنیە، بە ئەدەبیات و نوسینەکان یان لەوانەیە یاسادەست کردەکانی پیاومەزنی و تێ گەیشتنی بەهەڵە لەوانەی کە نێوی دەنێن ئایەت و حەدیس و وتەی گەورەکان و هتد ...

هۆی ئەوە بێت کە ژن وەك وەکو پلەی دووهەم حسێبی بۆ بکرێت، یان بۆچی ئەگەر شتیك لە عەدالەت مایەوە بدرێت بە ژن ؟

تەنات ئەگەر بمانەوێت لەسەر بنەمای ئەم باوەڕە کۆنە پارێزانەیە کومەڵگا هەڵسەنگێنین بەو ئاکامە دەگەین، کە تەنانەت دەمارگرژترین کەسەکانیش لەم بابەتەوە زانیاریەکی وەهایان لە هوکاری دروسست بوونی ئەم باوەڕانە نیە، زۆرجار بۆ پێشێلکردنی مافەکانی ژن لەو داب و نەریتانەکەڵك وەردەگرن.

بەراستی کام لەو کەسانەی کە وابیردەکەنەوە ژن لە پاشماوەی پەسای پیاو دروست کراو ڕۆژی دروست کردنی شاهیدی ئەم مەوزوعە بوون؟

بۆچی ئەو پیاوانەی کە بەرق و قینەوە ژن بەهۆکاری وەدەر نانیان لە بەهەشت دەزانن بە بەبێ ژن دیسانەوە بەهەشتیان بەدست نەهێنایەوە؟ بەڵام بەڕاستی چۆن ئەو خورافەو کۆنەپارێزیەی کە دەتوانن هەموو یاسا جیهانیەکانی مافی ژن پێشیڵ بکەن، تا بە ئەمڕۆ خۆی پاراستو گەشەی کردوەو سینە بە سینە نەقڵ کراوە ؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە زورجار هەڵدەگەرێتەوە بۆ جۆری حکومەتەکان و کەش و هەوای سیاسی زاڵ بەسەر کومەڵگادا، بۆ نموونە لەو وڵاتانەی کە شوڕشی ناسەرکەتو تیایاندا روی داوە لەگەڵ شکەستی سیاسی و کومەڵاتیدا، خورافە و نەریتی زاڵ بە جێگای ئەوەی کە لاواز ببێت و کاڵ بێتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەر بڵاوترو بەڕین تردەبێتەوە و ئەندێشە و فیکر و هزر جێگای خۆیان دەدەن بە خورافە و نەریتە کۆنەکان.

هەربۆیەش ئەو وڵاتانەی لە بواری سیاسی و کەلتوریەوە دەوڵەمەندنین بۆ پاراستن و بەردەوامی حکومەتەکەی خۆیان پەنادەبەنە بەر خورافەو نەریتە دواکەوتوەکان و بەتێك هەڵکێش کردنی لەگەڵ مەزهەب و باورەکانی خەڵك دا، گەشەدەکات و زوربەی خەڵکیش لەم جۆرە کومەڵگایانەدا بە بیری مەزهەبی و عەشیرەیی و نامەدەنیەوە پەروەردەدەبن و زۆر بە ئاسانی ئەکەونە ژێرکاریگەریەوە، هەر بۆیە بیرکردنەوە لە گۆڕینی داب و نەرتیە کۆنانە سەخت دەبێت، بۆیە زۆرجاریش پێشێڵ نەکردنی ئەو داب و نەریتە نەنوسراوانە گرنگترە لە پێشێل کردنی یاسا بنەڕەتی و نوسراوەکانی کومەڵگا.

بەڵام ئەو ژنانەی کە بیانەوێت لەم جورە کومەڵگایانەدا خاوەنی ئەندێشە وبیری جیاوازبن هەر لەسەرەتای تیکەڵ بوونیان لەگەڵ کومەڵگادا روبە روی گرفت و کێشە دەبنەوە. ریشەی ئەم گرفت و کێشانە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵە کە یەکەمین بونیادی کۆمەڵگایە.

کچان لەم جورە کومەڵگایانەدا هەرلە منداڵیەوە فێری پێرەوی کردنی بێ ئەم لاو ئەولا لە باوك، برا و مێرد بە شکلێ جیانەکراوە لە ژیانیان دەبن. کچان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا هەرلە منداڵیە و فێردەبن هێمنی و ئەهوەن بوونێك کە هەمووان دانی پیدا بنێین لە گرەوی ئەوە دایە کەلە گۆشە ماڵە وە بێت و ئەوهونەرانە فیر ببێت کە ناویان ناوە هونەری ژنانە . وەکو (تەون کردن ، چیشت لێنان و هی تر ... )

لەم کۆمەڵگایانەدا فێری ئەوە دەبن کە زۆربەی کارەکان پیاوانەیەو ژن ئەگەر بیەوێت تیکەڵ بە کۆمەڵگا ببێت یان دەبێت ببێت بە مامۆستای قوتابخانە یان ئاگای لە نەخوش ببێت (پەرستار)

هەروەها کچان فێری ئەوە دەکرێن کە بۆ پۆشتەکردنی خۆیان لەرەنگی مات و رەش کەڵك وەربگرن، لە شوێنە گشتیەکاندا پێ نەکەنن، لە کۆڕو کۆبونەوەکان دا کە پیاوی لێیە قسەنەکەن و بەگشتی ماڵئاوای لە شادی و پێ کەنین و ئەوشتانەی کە ئینسان ئەگە شێنێتەوە بکەن. بەڵام لەم نێوانەدا زورێك لە کچان هەن کە بە هیچ جورێك پیان خۆش نیە کە وەکوو، نەنك و دایك و خوشك ئەو ژنانەی کە بینیویانە چەوسیندراونەتەوە ببێت و هەرلە سەرەتاوە هەوڵ دەدن کە بە جورێکی دیکە بیرکەنەوە و ژیانیان جورێکی تر بێت. جۆرێك کە حەز و خواستەکانی خۆشیانی تیدا شەریك بێت و بەهای پێ بدرێت.

ئەم حەز و ئاواتە کاتێك دێتەدی کە لەگەل گەشەکردنی فیکر و ئەندێشە کچاندا کۆمەڵگاش بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت، لەم کەش و هەوایەدا کچان هەوڵ دەدەن کە بە خوێندن و کارو هەڵسوڕان خۆیان پەروەردە بکەن تا لەم ڕێگایەوە سەرنوشتێکی دیکە بۆ خۆیان دەستەبەربکەن .

زوربەی ئەوان دایکەکانیان بینیوەکە بە هۆی نەزانی و نەخویندەواری و تەنیا بە باوەڕ کردن بە خورافە نەریتە کۆنەکان منداڵەکانیان لە دەست چووە. زۆرێك لە ئەوان (کچان) ئیش و ئازاری ژنانێکیان بینیوە کە بە هۆی بێ ئاگای لە مافەکانی خۆیان چونەتە ژیانی چەند هاوسەریەوە، یان ملیان بە ژیانی چەند هاوسەری داوە.

لە وەها هەلومەرجێکدا تەنیا ڕێگا بۆ خەبات بە دژی کۆنەپەرستی زاڵ بەسەرنەریتەکاندا، پەروەردە کردنی وزەی فیکر بەهادانانە لەسەر پێوانە واقعیەکانی تاکەکانە. ئەوکات هیچکات ژنێك بە هۆی ژن بونیەوە حەسێبی پلەی دووهەمی بۆ ناکرێت. تەنیا بەم جۆرەیەکە هەموو کەس لەبنەماڵەدا کە یەکەمین بونیادی کۆمەڵگا فێر دەبێت کە بەرابەری بنەڕەتی ژن و پیاو دێتە بوون. ئەمانە کاتێك دێتەدی کە ژن و پیاو بە دور لە هەموو ئەوداب و نەریتانەی یاساو ڕێساکانی مەزهەب و عەشیرەت و هی تر ...چاوی لێ بکرێت. هەرکاتێك کە هەموو ئەم یاساورێسا ناعەقڵیانە لەکۆمەڵگا سڕانەوە ئەوکات لەگەڵ کۆمەڵگایەکی پاك و خاوێن روبەروین کە پێوانەکانی بەهادان بە تاکەکان، ڕادەی تێ گەیشتوی کردەوە پۆزەوتیڤە کۆمەڵایەتیەکانی ئەوانە. لە وەها هەلومەرجێکدا ئەو ژنانەی کە لە سەردمی پێشودا دەستیان دابووبە هەوڵ تێکوشان بو پەروەردە کردنی دەرونی خۆیان و بەڕابەری بنەڕەتی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان لە کۆمەڵگای دواکەوتودا. وەکو پێشڕەوانی ڕێگای ئازادی و بەڕابەری ئەکەونە پێش هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاوەو ئەوکات کۆمەڵگای مودێرن لە ئەوان وەکوو سەرمەشق هەتاهەتایە یاد دەکاتەوە. ئەو ژنانەی کە لە هەموو سەردەمی حکومەتی داب و نەریتەکان کۆنەکاندا بەسەر کۆمەڵگادا، هاواردەکەن : من بونەوەرێکی ساختە نیم.